## د.قوتبەدین سادقی:

# هونەر لە قیرکردنی جادەکان و نوێکردنەوەی بیناکان گرنگترە!



سازدانی: هاوڕێ کەریمی

فیلمی سینەمایی کوێستانی قەندیل، لە دەرهێنانی تەها کەریمی و بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتیی هونەری سینەمای سلێمانی، کۆتایی بە قۆناغی وێنەگرتنی هات، یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو فیلمە، مامۆستا و ئەکتەری شانۆ (د. قوتبەدین سادقی)یە، سەبارەت بە کاری ئەو فیلمە و بە گشتی هونەر لە کوردستان، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵدا سازدا:

***سەرەتای هاتنی ئێوە بۆ سەر فیلمی کوێستانی قەندیل چۆن بوو، کە دەکرێت بڵێین لە شانۆوە بۆ سینەما دوو ئەزموونی جیاوازە؟**

-یەکەم جار دەرهێنەر داوای لێکردم کە سیناریۆکە بخوێنمەوە و سەرنجێکی لەسەر بدەم، من کارەکەم بە کارێکی جوان بینی و پێم وابوو ئەم کارە کارێکی ریالیستی نییەو شاعیرانەیە. دواتر لە رێگەی مەریوان هەڵەبجەییەوە ئاگادار کرامەوە کە دەرهێنەر حەز دەکات یەکێک لە رۆڵەکانم پێبدا، بەڵام تا ئێستا نەیویستووە پێم بڵێت. من ئامادەیی خۆم دەربڕی بۆ ئەو کارە، چونکە جگە لە کەسایەتیی تەها کەریمی کە کەسێکی فکری و خاوێنە، کارەکەی پێشووی (کوێستانی سپی)م لە سێ قۆناغدا بینیبوو و بۆم دەرکەوت کارێکی جیاواز بوو، من بۆ ئەو کارە دوو شانۆ کە بۆ فێستیڤاڵی فەجری ئێران ئامادەم دەکرد و زانکۆکانم بەجێهێشت و هاتمە سەر ئەم کارە.

***جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان رۆڵ بینین لە شانۆ و سینەما، ئێوە لەسەر ئەم کارە هیچ گرفتێکی وا نەهاتە بەردەمتان بە هۆی ئەو جیاوازییەوە؟**

-بێگانە نیم لەگەڵ سینەما، چونکە خۆم لە چەندین فیلمی سینەمایی و درامای تەلەفیزیۆنی بەشدار بووم، دە کورتە فیلمم ساز کردووە، جگە

لەوانەش ١٢ سیناریۆی کورتە فیلم و چوار سیناریۆی فیلمی درێژم هەیە و لە مێژەوە حەز دەکەم کار بکەم. ئەو وردبینی و سەرنجەی کە لە شانۆدا هەیە لە سینەمادا نییە، مەنتق و رۆحی سینەما لەوەدایە کامێرا بتوانێت ئەو شتە تایبەتییەی کە دەیەوێت نیشانی بدات، لە سینەمادا دەبێت جوڵە هەبێت و نەتەنیا جێگا دەگۆڕدرێت، دەبێت سوچی بینینیش (زاویەی دید) بگۆڕدرێت.

بناغەی شانۆ لەسەر چەمک و مەفهومە، هەرچی شانۆ دەچێتە پێش چەمکەکان قوڵتر دەبنەوە، بەڵام لە سینەمادا شوێنەکە دەگۆڕدرێت و جوڵە بناغەیە، ئەگەرچی جوڵە لە شانۆشدا رۆڵی گەورەی هەیە، بەڵام جوڵە لە شانۆدا پێناسەی جیاوازی هەیە. بە گشتی ئەتوانم بڵێم لە سینەمادا پێویستە هەموو سیناریۆکە لە مێشکتدا بێت و دەبێت بزانی ئەم گرتە کە دیگریت لە چ قۆناغێکدایە و هی کەیە، لە شانۆدا پچڕان نییە، بەڵام لە سینەمادا هەر دووپات دەبێتەوە و شوێنەکان دەگۆڕدرێت، ئەگەر کامێرا و دەنگ و بەشەکانی تر پێیان باش بێت، ئەوکات کارەکەی تۆش باش دەبێت، بۆ وێنە بە باوەڕی برێستۆن ئەکتەر تەنیا ئلێمانێکە، بەڵام پێناسەی من بۆ ئەکتەر ئەوە نییە هەرچی لە مێشکی دەرهێنەر و نووسەری سیناریۆ و بەڕێوەبەری وێنەگرتن و دەنگهەڵگردا هەیە دێت و لە جەستەی ئەکتەرەوە تێپەڕ دەبێت و خاڵی کۆبوونەوەی هەموو ئەوانە هەست و جەستەی ئەکتەرە.

***سەبارەت بە فیلمی کوێستانی قەندیل، دەمەوێت رای ئێوە بزانم لەسەر دوو بەشی سیناریۆ و دەرهێنان، کە خۆتان ساڵانێک ئەزموونتان هەیە لەو بوارەدا، بەتایبەت لە شانۆدا؟**

-ئەوەی لەسەر سیناریۆکە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە، یەکەم جار کە خوێندمەوە یەکەم رستەی کە بە دەرهێنەرم وت، وتم: نەکەی بیکەیتە فیلمێکی ئەکشن، ئەویش وتی دڵنیابە وانییە.

ئەم فیلمە فیلمێکی شاعیرانەیە و کەشێکی ریالیستی نییەو هێزی سیناریۆ لەوەدایە لەگەڵ کات و شوێندا زۆر کایەی کردووە، ئەگەر شتێک بتوانێت پێوەندی لەگەڵ بینەردا دروست بکات هێزی شاعیرانییەکەیەتی، تەنانەت مانا ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانیش لە روانگەیەکی شاعیرانەوە خۆیان دەنوێنن و خەیاڵی زۆر تێدایە، کاتێک کە دەڵێم شاعیرانەیە مەبەستم هەڵێنجانی وێنەی دووهەم و سێهەمە لە ناو گرتەکاندا و ئەو کایانەی کە بە کادر و بە رەنگ و بە مرۆڤەکان دەکرێت، پچڕانی زۆرە و پچڕانەکانیش مەنتقێکی ریالیستیی تێدانییەو دواتر ئەم فیلمە دروشمی کەمە و فیلمەکە لەگەڵ بەشی تاریکی مێشکمان یا نەستی ئێمەدا قسەدەکات.

***سەبارەت بە کاری دەرهێنان، لەم کارەدا راتان چییە؟**

-من پێشتر نەمدیبوو تەها کەریمی کاری دەرهێنان بکات و فیلمەکەی پێشوویم لە کاتی مونتاژدا بینی، لەبەر ئەوە من رۆژی یەکەم حەزمدەکرد بزانم شێوازی چۆنە لە دەرهێناندا، چونکە من خۆم لە ساڵانی شەستەکانەوە کاری دەرهێنانم کردووە و زیاتر لە ٤٠ شانۆم کار کردووە، شێوازی کارکردن لە دەرهێنان زۆر گرنگە، کە ئەگەر هەڵە بێت کارەکە خراپ دەکات. ئەوەی من سەرنجم داو رۆژێک بە دەرهێنەریشم وت، وتم ئەزانی جیاوازیی کارێکی ئاسایی و شاکارێک لە چیدایە، لە وردەکاری و خاڵە بچووکەکاندایە، چونکە شێوازی گشتی هەموو کەس دەیزانێت. بینیم کە دەرهێنەر و وێنەگر و دەنگهەڵگری ئەم کارە بەڕاستی زۆر گرنگی بە وردەکارییەکان دەدەن و تا ئەوشتەی کە ئەوان دەیانەوێت نەخوڵقێت و بەرهەم نەیەت دەست هەڵناگرن و ئەوە شتێکی گەورەیە. بینیومە بۆ کردنەوەی شریتێک لە دارێک ١٧ جار دووپاتیان کردۆتەوە، ئەمە وردەکارییە، لەوانەیە زۆر کەس ماندوو ببن، بەڵام من رێز دەگرم لەوە، چەند دانە لە گرتەکانم کە لە مونیتۆرەکەدا بینی، هەستم کرد کە لە سوچی کامێرا و دیکۆر بە چەشنێکی باش دیاریکراون و دەرهێنەر دانیشتووە لەسەر هەموو گرتەکان بیری کردۆتەوە. بە بڕوای من ئەمە سینەمایەکە کە لە پشتییەوە عەقڵ و بیرکردنەوە هەیە.

***چ جیاوازییەکت بینی لە نێوان ئەم فیلمە و فیلمەکانیتر، کە لە کوردستان دروست دەکرێن؟**

-من ماوەیەک رقم لەو فیلمانە هەڵدەستا کە لە کوردستان دروست دەکران، چونکە کوردیان بە

نەتەوەیەکی هەژار و گوناح، کە پڕە لە زۆڵ و کوێر و کەچەڵ و شەل نیشاندەدا و بە شێوازێک فیلم دروست دەکرا کە بینەر بەزەیی پێماندا بێتەوە، هونەر ئەوە نییە. سەرەڕای ئەم گشتە کوشتن و بڕین و تەعریب و ئەنفال و ئینکاری مێژوو و زمان و نەتەوە، هێشتا کورد لە درێژایی مێژوودا هەیە، یەکەمجار پرسیار بکەین لە خۆمان، بۆچی تا ئێستا کورد ماوەتەوە؟ هەموو وڵاتێک شەڕ دەزانن و ئێمە شتیترمان هەیە، کە هێزی کولتووری و نەتەوەییە. یەکەم شت کە ئێمە دەیبینین لە عیرفانی کوردەواریدایە، ڕوانگەی ئێمە بۆ هەستی ڕوانگەیەکی عیرفانییە، ئێمە عیرفان باش دەناسین و تا ئێستاش بەهێزترین بەشی عیرفانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە و ئەمەش بە ڕێکەوت نییە.

دووهەم شاعیرانەییە، جوانترین چریکە گەل، کوردی عاشقانەیە، جوانترین شیعرەکانمان عاشقانەیە و ئەو خۆشەویستی و عەشقە واتا کەسایەتی مرۆڤ. سێهەم شت کە هەمانە حەماسەیە، واتا بەکارهێنانی هەموو ئەو هونەرەی کە دەیزانین دژ بەو کەسانەی کە بوونی ئێمەیان ڕەتکردۆتەوە.

ئەوە هێزی مێژوویی ئێمەیە و دوای ئەم هەموو کوشتن و بڕین و بۆردومانە، باشترین مۆسیقا و هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هی ئێمەیە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە گەورەتر لە کێشەکانمانین و دەتوانین زاڵ بین بەسەر کێشەکانماندا، بۆ هەڵپەڕکێکەمان ئەوەندە خۆشە؟ ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئێمە زۆر گەشبینین بۆ ژیان و ئەمانە ئەوشتانەیە کە دەتوانین بیخەینە بەرچاو، نەک کەڕ و کوێر و خەڵکی گوناح، بۆ ئەوەی بەزەییان پێماندا بێتەوە.

***ئێوە ئەو بەشە کولتوورییە لە فیلمی کوێستانی قەندیلدا دەبینن؟**

–بە بڕوای من بەڵێ، لەبەر ئەوەی ڕوانگەیەکی شاعیرانەی هەیە، باسی خۆشەویستیی سێ کەس دەکات کە دوای ٣٠ ساڵ ئەو خۆشەویستییەیان دەپارێزن، لایەنی حەماسەی تێدایە، کە باس لە خەبات دژی یەکێک لە خوێنڕێژترین ڕژێمە توتالیتارییەکانی جیهان کە ئەویش بەعس بووە و ئەو لایەنە عیرفانییەش لە ناو فیلمەکەدا هەیە، ڕوانگەی کامێرا ڕوانگەیەکی عاشقانە و مەعنەوییە و ئەوەی کە من لەم ماوەی یەک مانگ و نیوەدا سەرنجم داوە، ئەو ڕۆحی خۆشەویستی بۆ خاک و بۆ خەڵک لەو فیلمەدا هەیە و ئەوەش جێگای ڕێزە.

***هەنگاوێک بۆ کاری سینەمایی لە کوردستان بەڕێوەیە و ئەم هەنگاوە تا ئێستا بە هێز خۆی دەرخستووە، بەڵام بەگشتی لە هەموو کاری فیلمەکانی کوردستاندا بەکارهێنانی نا ئەکتەری زۆر ڕۆڵی بینیوە، ئایا پێتان وانییە پێویستە لەمەودا ئەکتەری شارەزا و تایبەت لە سینەمای ئێمەدا ئەو جێگایە پڕ بکاتەوە؟**

–ئەکتەری لە سینەما زۆر گرنگە و پێویستە بە جێگەی کارکردن بیر بکاتەوە، زۆربەی سینەماکارەکان دەچن بە دوای کەسێکدا کە هەمان کەسایەتی بێت کە ئەوان دەیانەوێت. نائەکتەر خۆی دووبارە دەکاتەوە بە کورتکردنەوەیەکی دیاریکراو، جیاوازیی ژیان و سینەما لەوەدایە، کە ژیان دەڕوات و پچڕانی نییە و لە هونەردا ئێمە دەیگوشین و کورتەیەکیمان پێویستە. کارکردن لەگەڵ نائەکتەر زەحمەتە، بەڵام زۆر کەس دەتوانن ئەو کارە بکەن، ئەگەرچی بۆ هەموو ڕۆڵێک ئەو کارە ناکرێت، ئێمە دەبێت بچین بۆ لای شارەزایی (اختصاص)، دەبێت هەر دەرهێنەرێک بە هەموو ئەو شارەزاییانەیەوە کە هەیەتی ئەکتەر پەروەردە بکات، زۆرجار ئەکتەری زۆر شارەزا دەتوانن یارمەتیی دەرهێنەر بدەن بەو پێشنیارانەی کە دەیدەن، دەتوانین ئەوانە تێکەڵ بکەین و ناکرێت بە نائەکتەر سینەما بەردەوام بێت، ئەم فیلمە فیلمێک بوو، هەم ئەکتەری تێدا بوو و هەم نائەکتەر.

***ئێوە خۆتان چۆن دەڕواننە ئەم هەنگاوە کە لە بواری سینەمادا نراوە و بۆ داهاتووی دەبێت چی بکرێت؟**

–سینەما لە هونەردا سەرەتای مۆدێرنێتەیە و کۆمەڵگەی ئێمە بۆ مێژوویەکی دوورودرێژ کۆنەخواز بووە، دەبێت بچینە سەردەمی مودێرنەوە و تۆزێکیش درەنگە، بەسە تەنیا هەڵپەڕکێ و گۆرانی هونەری کوردەواری نین، پەیکەرسازیمان هەیە، شێوەکاریمان هەیە، شانۆ و سینەمامان هەیە، چونکە ئەزمونمان کەمە ئەم بارودۆخە کە باشووری کوردستان لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و کورد دەتوانێت بە حەزی خۆی بیر بکاتەوە و بجوڵێتەوە، باشترین کاتە بۆ

ئەوەی هونەری کوردی مودێرن بکەین. کێشەیەک کە لە سینەمادا هەمانە تەکنەلۆجیای پێویست بۆ ژێرخانمان نییە و دووهەم دەبێت سەرمایەی تێدا بخرێتەگەڕ، سینەما بێ سەرمایە نابێت و نابێت هەمووی حکومەت پارمەتیی بدات، پێویستە خەڵک پارەی بۆ سەرف بکات و پارەکەشی دەربێننەوە و شتێک کە گرنگە ئەوەیە کە سینەما پێویستە جەماوەری هەبێت، دەبێت خەڵک فێر ببن وەک کارێکی مۆدێرن لە ژیانی فەرهەنگی کۆمەڵگەکەیاندا بەشدار بن و بچن پارە بدەن بۆ ئەوەی فیلم ببینن، ئەم تەمەڵی فەرهەنگییە لابەن، نابێت هەر قاچ درێژ کەن و سەیری سەتەلایت بکەین، ئەوە نەخوێندەواری نوێ و تەمەڵی فەرهەنگییە، خەڵک، سەرمایە و تەکنولۆجیا سێ شتی زۆر پێویستن بۆ هونەری مودێرنی کوردەواری، کە سینەما بەشێکە لەوە هونەرە.

ئێستا سلێمانی یەک ملیۆن کەسی تێدایە، بەڵام سینەمایەکی تێدا نییە، ئایا ئەکرێت شارێک سینەمای تێدا نەبێت؟ دەبێت لانیکەم ١٠ هۆڵی سینەما و شانۆ هەبوایە، ژیان خۆ هەر خواردن و خەوتن نییە، ئەی بەشداریی کۆمەڵایەتی چییە؟ بە بڕوای من ئەرکی سینەمای کوردەواری ئەوەیە، کە خەڵک راکێشێت بۆلای خۆی، وا کە خەڵک بە پێویستی بزانن بچن فیلم ببینن، تا جەماوەر پەروەردە نەکرێت ئێمە سینەماشمان نابێت. لێرەدا بۆ ئەم کارە هەم هونەرمەندان و خەڵک و حکومەت رۆڵێکی گرنگ دەبینن، هونەر زۆر لە قیرکردنی جادەکان و پارەی بەنزین و نوێکردنەوەی بیناکان گرنگترە، تا کەی دەبێت سەیری کلیپە ناشرینەکان و ژیانی بەکارهێنەری بۆرژوایی ئەمریکییەکان و عەرەبەکان بکەین؟ هونەر ئەوەیە کە بتوانێت کێشە گەورەکانمان و ئاوات و ئارەزووەکانی داهاتوومان بخوڵقێنێت، لێرە ئەم ماوەیەی کە سەیرم کردووە، تەنانەت هونەرمەندەکانیش بە چاوی کات بردنەسەر سەیری هونەر دەکەن، ئەوەندە یانە هەیە بۆ مەشروب خواردنەوە لە سەدا دەی ئەوە بۆ هونەر نییە، ئەم کۆمەڵگەیە شوێنێکی نییە بۆ کۆبوونەوەی هونەرمەندان و رۆشنبیران، چوار نووسەر و رۆشنبیر لە کوێ کۆببنەوە؟

***پێتان وانییە بەشێکی ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی حکومەت، کە تا ئێستا کارێکی ئەوتۆ لەو بوارەدا نەکراوە؟**

-بەڵێ دیارە، بەڕێوەبەرایەتیی فەرهەنگی ئەم کۆمەڵگەیە، بەشێکی بەڕێوەبەرایەتی سیاسییە، هێشتا هەستی بەوە نەکردووە، بە بڕوای من کەشی فەرهەنگی سلێمانی زۆر فەقیرە، ببورە کە من وا دەڵێم، هیوادارم لێم تورە نەبن، سەردەمێک دەیانووت سلێمانی پایەتەختی رۆشنبیرییە، بەڵام هەرچی سەیر ئەکەم ئەمە زۆر کەمە و هیچ نییە، لەو رۆژەوە کە من هاتووم بۆ ئێرە، داوام لە شانۆکارەکان کردووە، کە بێن بێبەرامبەر لەگەڵیاندا لە شانۆیەکدا کار بکەم، لەم ماوەی یەک مانگ و نیوە، تەنیا من تەلەفۆنم بۆکردوون و تەنیا یەک نەفەر هاتووە، کەس نەیوت من هەم، کەس بۆی گرنگ نەبووە، ژیانی هونەری تەنانەت لای هونەرمەندەکانیش بێبایەخە، پێویستە بەڕێوەبەرانی سیاسی و فەرهەنگی کارێک بۆ ئەم کۆمەڵگەیە بکەن.

**بە کورتی:**

دکتۆر قوتبەدین سادقی، ساڵی ١٩٥٢ لە شاری سنە لەدایکبووەو لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا لە زانکۆی تاران لەکۆلێژی هونەرەجوانەکان وەردەگیرێت، لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا زەمالەی خوێندنی پێدەدرێت بۆ زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسا و لەو زانکۆیە دکتۆرا لە بواری هونەرە نمایشییەکان وەردەگرێت و دوای گەڕانەوەی لە زانکۆکانی ئێران شانۆی وتۆتەوە و یەکێکە لە کەسە دیارەکانی شانۆی ئێران، کە تا ئێستا دەیان شانۆی بردۆتەوە سەر شانۆ و چەندین کتێب و وەرگێڕانی لەو بوارەدا هەیە.